# میوانداریی فڕۆکەوانە جەنگییەکانی بەعس لە کوردستاندا!

## قادر ڕەشید

گەلی کورد ئەزمونێکی دور و درێژی زۆر تاڵی هەیە لە ئازار ، مەرگەسات وماڵوێرانییدا بە دەست بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیزی داگیرکەر و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە. ئەو فڕۆکەوانە جەنگییانە هەرگیز دەستیان نەپاراستووە لە زیانی گیانیی و وێرانکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان.

لە سەرەتای ساڵەکانی بیستدا هێزەکانی ئاسمانیی ئینگلیز بۆ سەرکوتکردنی دەسەڵاتی سوپای شێخ مەحمودی نەمر ، کەوتنە بۆردومانکردنی کوردستان ، بە خاك و دانیشتووانیەوە ، بەتایبەتیی شاری سلێمانیی و دەوروبەری. ئەو ڕاستییەش کە لەم دواییانەدا لە لایەن لاوێکی کوردی خوێندکاری مێژووە لە سوید دەرکەوتووە ، ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ، بۆمبی هێشوویی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە و لە کوردستاندا دژی شۆڕشەکانی شێخی نەمر تاقیکراوەتەوە!

دوابەدوای ئەوانیش لە ساڵەکانی چلەکاندا فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی پاشایەتی عێراقی (بەزۆر سەپێنراو لە لایەن ئینگلیزەوە) ئاسمانی ناوچەی بارزان ، باڵەکایەتی و ناوچەکانی تری کوردستانیان کردبووە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی توانای فڕۆکە و فڕۆکەوانەکانیان و بۆمبەکانیان بە سەر گوند و گوندنشینەکاندا دژ بە ڕاپەڕینە چەکداریەکەی بارزان.

بۆ بەدواداچوونی ئەو وێرانکارییانە ، هێزی ئاسمانیی حکومەتی عەبدولکەریم قاسمیش جەزرەبەی خۆی وەشاند و کەوتنە بۆردومانکردن و ماڵوێرانکردنی کوردستان ، بەڵام تەمەنی وێرانکردنەکەیان ئەوەندەی نەخایاند.

ئیتر حیزبی بەعسی مرۆڤکوژ بووە میراتگری ئەو ڕژێمە یەك لە دوای یەکانە و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە تا ڕۆژی بەگۆڕسپاردنیان ، هەموو توانا و هەوڵی مانەوەیان بە هێزە ئاسمانییەکانیان سپارد و کەوتنە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی فڕۆکەوانە جەنگییەکانیان بە ئایدیۆلۆجیایەکی ڕەگەزپەرستیی و فاشیستییانە. بە پارەوپولی نەوتی خۆماڵیی کەوتنە کڕینی فڕۆکەی مۆدێرنی وێرانکاریی لە سۆڤیەت و فەڕەنسە و وڵاتانی تر بۆ لەناوبردنی خەڵکی بێتاوانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ ، بە خاك و دانیشتووانیانەوە.

ڕەنگدانەوەی وەحشییەتی ئەم فڕۆکەوانانە لەو ئەرکانەیاندا ئەیسەلمێنێت کە ئەوانە پاسەوانی ڕاستەقینەی ڕژێمی بەعس بوون و لە بەعسی ، بەعسی تر بوون! بۆردومانە کۆکوژییەکەی شاری قەڵادزێی نەمر لە نیسانی 1974 دا بەڵگەی زەقی دڕندەیی فڕۆکەوانە جەنگییەکانی عێراقە.

زۆربەی زۆری گوندە ئازادکراوەکان ، لە ترسی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان (کونە تەیارە) و حەشارگەیان دروستکرد بوو. ئەو گوندانەی بە دامێنی شاخەکانەوە لکابوون ، بۆ بەرگریی لە خۆیان و ئاژەڵەکانیان ، بە ناچاریی بە ڕۆژ ڕوویان ئەکردە شاخ و ناو دارستان و ئەشکەوتەکان و بە شەویش ئەگەڕانەوە ناو گوندەکانیان.

یەکێك لە ئەزمونی ئەو شێوە خۆپاراستنە ، ئەو کۆشکەم بینیوە لە (دیلمان) کە پێیان ئەوت قەسرەکەی بارزانیی. ئەوەی ئەم قەسرەی بینیبێت ، پێم وایە هەستی شۆڕشگێڕیی ئەیبزوێنێت! ئەم قەسرە سێ نهۆم بوو ، بۆ خۆپاراستن لە ساروخی فڕۆکە جەنگییەکانی بەعس ، بە هەموو ژور و هۆڵ و چێشتخانە و (سەرئاو) و پێویستییەکانی تر ، لەناو ئەشکەوتەکەدا دروستکرابوون ، تەنیا باڵکۆن و پێپلەکانەکانی کەمێك بە دەرەوە بوون. ئەم قەسرە وەك بارەگا و بنکەیەکی شۆڕشگێڕان ئەهاتە بەرچاو ، فڕۆکە جەنگییەکانی بەعسی کاولکەر وەك (میگ ، هەنتەر ، پاجەر ، سیخۆ و پیلاتۆز و..تد زەفەریان بەم جێگایە نەئەبرد ، ئەو قەسرە حەشارگەیەکی پارێزراو و خۆڕاگربوو کە بۆ ئەمڕۆ مۆزەخانەیەکە و پێویستە خەڵك بیبینێت! هەروەها لە نزیك شارۆچکەی بارزانیش بۆ خۆپاراستن لە زەبری کوشندەی فڕۆکە جەنگییەکان ، بە قەدپاڵی شاخێکەوە دوو ژور و هۆڵێکیان لە بەردی شاخەکە داتاشیبوو ، کانیی و حەوزێکی بچوکیش لە بەردەمیدابوو ئەیانوت شێخ ئەحمەدی ڕەحمەتیی بۆ بەرگریی لە بۆردومانی فڕۆکە دروستی کردووە. ئەم شوێنەش و دەیان و سەدان حەشارگەی تر لە کوردستاندا شاهیدی حاڵن لە ڕاستیی زەبری کاریگەری کوشندەی ئەو فڕۆکەوانانە.

لە ساڵانی شەستەکاندا بارەگاکەمان (بارەگای حیزبی شیوعی عێراق) لە گوندی دەرگەڵە بوو ، بە ڕۆژانە ئاسمانی ئەم ناوچەیە هاژەی دەنگی فڕۆکەی لێنەئەبڕا ، خەڵکەکە وەك تەواوی خەڵکانی گوندەکانی تر بە ڕۆژ گوندەکەیان بەجێئەهێشت و ڕوویان ئەکردە دەوروبەری چیای کاروخ ، تەنانەت سەگ و پەلەوەری ناو گوندەکەش گوێیان لە دەنگی فڕۆکە بووایە خۆیان ئەشاردەوە ، یان لەپێش خەڵکەکەوە ڕایان ئەکرد! چەند خێزانێکیش لە ترسی فڕۆکە لە گەلیەکەی دامێنی دەرگەڵە ، ناو ئەشکەوت و تاشە بەردەکانیان کردبووە هەوارگەی حەوانەوەیان.

نیوەڕۆیەك لەگەڵ دەنگی فڕۆکەکان گرمە و ناڵە و دوکەڵ لە گەلییەکەوە بەرزبووەوە! دەنگی هاتوهاواری خێزانەکانی ناو ئەشکەوتەکان ئەهاتە بەر گوێ ، هەموو بە پیر دەنگەکەوە ڕۆیشتین! بە قەدی شاخەکەوە لەناو ئەشکەوتێکدا پێنج سەرخێزان خۆیان حەشاردابوو ، پۆلێك فڕۆکەی میگ جەزرەبەی لێهەڵساندن و پارچەپارچەی کردن و بوونە قەرەبروت! بە داخەوە ناوی خێزانەکەم لە بیر نەماوە. تاکە گوندێك لەم ناوچەیەدا نەبوو کە دەرباز بووبێت و قوربانیی خۆی نەدابێت و ئاژەڵیان لێنەدرابێت.

لـە ساڵـی 1975 وە لـە دوای ڕاگوێزانی پێنج هەزار گوندی سەر سنور و دور لـە سنور ، بە ڕۆژانە هێلـیکۆپتەرە جەنگییەکانی بەعس بە ئاسمانی ناوچە وێرانکراوەکاندا بە ئازادیی ئەسوڕانەوە و تەراتێنیان ئەکرد ، هەر ڕێبوارێك ، هەر ئاژەڵێکیان ببینیایە ئەیانپێکا! ئەم فڕۆکەوانانە دەستیان نەئەپاراست لـەو گوندانەی سەرلـەنوێ بە نەهێنی ئاوەدانکرابوونەوە و بۆردومانی بارەگاکانی پێشمەرگەکان لـە بادینان ، چیای گارا ، مەتین ، ناوچەی حەیات ، بارزان ، باڵـەکایەتی ، حاجی ئۆمەران ، خۆشناوەتی ، بالـیسان ، ماوەت ، شوان و جەباریی ، گەرمیان و قەرەداخ ، شارەزور ، سورێن و ناوچەکانی تر بەردەوام بوو. حاڵ و گوزەرانی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان پەرێشان بوو بە دەست وەحشیەتی ئەو فڕۆکەوانانەوە.

لـە سەرەتای شەڕی (ئێران و عێراق)ەوە ، واتە لـە 1980 وە فڕۆکەوانەکانی بەعس دڕندانەتر و کوشندەتر شەل و کوێرم ناپارێزم ، کەوتنە وێرانکاریی زیادتری کوردستان! پۆلـێك فڕۆکەوانی تاوانباری پەروەردەی بەعسی مرۆڤکوژ لـە ئۆردوگای زێویێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دا و بە سەدان مناڵ ، ئافرەت ، پیر و پەککەوتەی ئاوارەکانی ناوچەی بارزانی شەهید و بریندار کرد و بەنگەلـە ، نەخۆشخانە ، قوتابخانە و بازاڕێکی گەورەی وێرانکرد بەسەر خەڵکەکەیدا! ئەم کارەساتەم وەك فیلـمێکی شەڕی ڤێتنام ئەهاتە بەرچاو.

لـە ساڵـی 1987 بە ڕۆژانە هێلـیکۆپتەرە جەنگییەکان ئەهاتنە سەر دێهاتە ئازادکراوەکان و بۆردومانیان ئەکردن. پێشمەرگە چەکی کاریگەری دژ بەو فڕۆکانەی نەبوو. ئەو کاتە لـە دێی قەواڵـیی بووین ، دوو کۆپتەری سەوز و بۆری سامناك لـە دوریی گوندەکەوە دور لـە مەودای RPG لـەنگەریان گرت ، پێشمەرگەکان خۆیان دامەزراند و تەقەیان لـە کۆپتەرەکان کرد بەڵام بێسود بوو ، هیچ کاریگەریی لـەسەر دوو کۆپتەرەکە نەبوو ، ئەم دوو کۆپتەرە کەوتنە لـێدانی قەواڵـی ، خەڵکەکە بە ماڵ و مناڵـەوە خۆیان گەیاندە (کونە تەیارە)کانیان ، ژنی پێشمەرگەیەك دووگیان بوو لـە حەوشەی ماڵـەکەیاندا تەشتێکی لـەبەردەمدا بوو جلـی ئەشوشت ، فریانەکەوت وەك خەڵکەکانی تر خۆی بگەیەنێتە کونە تەیارەکەیان ، لـە ناکاو ساروخێك لـە ناوەڕاستی حەوشەکەی دا و ژنەپێشمەرگەی دووگیانیش ، پارچەپارچە بوو ، مناڵـەکەی ناوسکی کەوتە ناو تەشتەکەی بەردەمی و تێکەڵ بە دوکەڵـی بارود ، پارچە ئاسن ، بەرد ، خۆڵ و کلـپەی ئاگر بوو ، هەر پارچەی بە لایەکدا! ئەو دوو فڕۆکەوانە دەستیان لـە ماڵـەکانی تریش نەپاراست ، ئاژەڵـێکی زۆری ناو دێیەکەیان قەلاچۆکرد.

ئەمە بەسەرهاتی پیشەی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو دێهاتانەی گەرمیان بوو ، تەنانەت لـەناو قوتابخانەی گوندەکانیشدا مامۆستاکانیان کە بە نانەسکیی وانەکانیان ئەوتەوە ، کونە تەیارەیان بۆ قوتابییە مناڵـەکان دروستکردبوو! زۆر جار پێشمەرگە لـە دەرەوەی دێهاتەکان بوونایە و بە ئاگانەهاتنایە ، یان فریانەکەوتنایە کە خۆیان حەشار بدەن ، ئیتر پیادە بوونایە یان بە ئەوتۆمۆبیل ، لـە بەڵای کۆپتەر ڕزگاریان نەئەبوو.

لە هاوینی 1987 دا کاتی نیوەڕۆ بوو ، پێشمەرگەیەکی زۆری حیزبی شیوعی و یەکیەتی بووین لە دێی (ئاوایی جەلال) لە گەرمیان ، ئەوتۆمۆبیلێکی تیۆتای ستێشنی سپی ، سێ پێشمەرگەی تیادابوو کە یەکێکیان لێی ئەخوڕی ، بە تیژیی هات و ڕانەوەستا و لێمان دورکەوتەوە! هاوکات کۆپتەرێك کە زۆر نزم ئەفڕی ، پەیدا بوو ، نەیپرژایە سەر ئەوەی بۆردومانی گوندە ڕاگوێزراوەکەی ئاوایی جەلال بکات ، ئێمەی نەبینی و لە دورەوە ئەوتۆمۆبیلەکەی پێکا! خۆشبەختانە ساروخەکە لە دواوەی دا و سێ پێشمەرگەکەی یەکیەتی بە ڕێکەوت بەرنەکەوتن! ئەمەش یەکێك بوو لەو جارە کەمانەی کە پێشمەرگە ، یان گوندنشینەکان ڕزگاریان ببێت ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوتۆمۆبیلەکەیان بەر ساروخی کۆپتەر بکەوێت!

لە 24-6-1985 لە مەترسی فڕۆکە و تۆپبارانی بەردەوام ، بەناچاریی بارەگای مەڵبەندی سلێمانیی و کەرکوکمان گواستەوە ، لە کەڕەجاڵەوە بۆ شاربازێڕ بۆ گوندی (سپیارە)ی ڕاگوێزراوی وێرانکراو ، خانووبەرەیەکی باشمان دروستکرد. زۆری پێنەچوو فڕۆکەوانە تاوانبارەکانی بەعس هەستیان پێکرد و کەوتنە بۆردومانکردنمان ، بە ڕۆژ ئەچووینە ناو کەندڕ و کونەتەیارەوە و بە شەویش ئەگەڕاینەوە بارەگاکەمان.

جارێك تەمەڵییمان کرد و بارەگامان بەجێنەهێشت! لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا بووین ، دوو فڕۆکەی سیخۆ گەیشتنە سەرمان و بە ساروخەکانیان لە چێشتخانەکەمانیان دا ، خۆشبەختانە بەرنەکەوتین ، بەڵام تەنیا دوو هێستر و بزنێکمان هەبوو ، ئەوان بەرکەوتن!

دوابەدوای ئەوەش سوپای پاسدارانی ئێران هاتن و ئەم ناوچەیەیان داگیرکرد و کەوتنە دروستکردنی ڕێگا بۆ چوارتا ، ئیتر بە دەست بۆردومانی فڕۆکە و بەدەست دەستدرێژیی پاسدارەوە ، وەك گرتنی پێشمەرگەکانمان و چەككردنیان لە ڕێگاوبان و لە دەرەوەی بارەگاکەمان ، بە ئاشکرا بێزاریان کردین و ناچار لە گوندی خۆی لە خۆیدا ڕاگوێزراوەوە! گواستمانەوە بۆ دامێنی شاخی سورکێو ، لە زستانێکی سەختدا بەو بەفر و بەو سەرمایە چادر و دەوارە شڕەکانمان لەسەر قوڕ و بەفر هەڵدا ، ئەو فڕۆکەوانانە لە سەنگەرەکانی پاسدارەکانیان نەئەدا لەبەرئەوەی ئەوان ساروخی دژ بە فڕۆکەیان بەکار ئەهێنا.

لە سەرەتای بەهاری 1988 دا هێزێکی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بووین ، لە گەرمیانەوە بە لێواری ڕوباری ئاوەسپیدا بەرەو قەرەداغ کەوتینەڕێ ، لەبەر مەترسی کۆپتەر ، دور لە یەکتر ڕێمان ئەکرد ، دێهاتەکانی سەر ڕێگامان هێشتا ئاوەدان بوون! دەستی ئەنفالی پێنەگەیشتبوو! ئەو ڕۆژە کۆپتەرەکان زۆر بە بەرزیی بە ئاسمانی (ئازادکراویاندا) بە سەر ناوچەکەدا ئەسوڕانەوە ، لەوە ئەچوو بۆ دەستکەوتێکی گەورە بگەڕێن ، بە ڕێگاوە بووین گرمە و ناڵەی ساروخ دەستی پێکرد ، لەدوای ئەوە کۆپتەرە کان دەنگیان نەما ، کاتێك گەیشتینە نزیك دێی هەزارکانیی ، زیادتر لە پەنجا سەر ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ بە شوانەکانیشیانەوە بە ساروخ لێدرابوون و کوژرابوون! خەڵکی دێیەکەش لە ترسی کۆپتەرەکان خۆیان لە ناو کونە تەیارەکانیاندا حەشاردابوو ، نەیانئەتوانی بەدەنگ ئەو کارەساتەوە بچن!

کاتێك گەیشتینە ناوچەی قەرەداخ ، بە ڕۆژانە ئەمانبینی فڕۆکەوانە جەنگییەکانی سەدام حوسەین چوارچوار و دوودوو بەرەو شاخی زمناکۆ و بەمۆ ئەڕۆیشتن بۆ لێدانی سوپای پاسدارانی ئێران ، لەناوخۆیاندا بە عەربیی ئەدوان ، ئێمە بە ڕادیۆ لەسەر شەپۆلی FM قسەکانیانمان وەر ئەگرت.
لە گەڕانەوەیاندا بۆ فڕگەکانیان لە کەرکوك و سەلاحەدین ، هەرچی بۆمب و ساروخێکی کیمیایی و غەیری کیمیاییان پێبمایە ، بەسەر دێهاتەکانی ناوچەی قەرەداخدا هەڵیانئەڕشت! ئەمانە نەیانئەوێرا نزیکی هێزی سوپای ئێران بکەونەوە کە شاخەکانی دەوروبەری دەربەندیخانیان داگیرکردبوو! نەشیان ئەوێرا بە بۆمبەکانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ فڕگەکانیان ، بۆیە بەسەر ئەم دێهاتانەدا ئەیانباراند ، هەر وەك دێیی جافەران ، تاڤان ، بەڵخە ، دوکان ، شیوی قازیی ، تەکێ ، سەوسێنان ، قەرەداخ و زۆر دێهاتی تر کە ناوەکانیانم لە یاد نەماوە.
لە 24-3-1988 دا لە کاتژمێری 11 ی شەودا ، دوو کۆپتەر لە دێی دوکانی دا ، لە نزیك شیوی قازیی ، دانیشتووانی دێیەکە توشی زیانی ماڵیی و گیانیی بوون ، کیژێکی تەمەن 19 ساڵ ناوی گەردە بوو شەهیدبوو. ژمارەیەك لە بریندارەکانمان گەیاندە بارەگاکەمان لە دێی شیوی قازیی ، دکتۆرەکانمان برینپێچیی سەرەتاییان بۆ کردن ، تەواوی ئاژەڵەکانیان بەرکەوتن و لەناوچوون. بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ هاوڕێی نەمر و بەجەرگدا ، مەحمود دیکتاریۆڤ و پێشمەرگەیەکی تر کەوتینە ڕێ بۆ سۆراغی (30 پێشمەرگەی لقی7ی بەتالیۆنی هەڵەبجە کە بارەگاکەیان لە پشتی هەڵەبجەوە نزیك بە ڕوباری سیروان بوو کە لە ئەنجامی گوشاری سوپای پاسداران وەك هەڕەشە و گرتن و کوشتنیان کە ئەبێت ناوچەکە بەجێبهێڵن ، ئیتر ناوچەکەیان پێچۆڵکردبوون ، ((ئەم دەستدرێژییەی سوپای پاسداران دوو ڕۆژ پێش داگیرکردنی هەڵەبجەیان و کیمیابارانەکە بوو)).
هەر سێکمان لە پشتی سەوسێنانەوە بەرەو شارەزور کەوتینە ڕێ ، گەیشتینە دێیەکی چۆڵکراو بەدامێنی شاخەکەوە ، کاتی نیوەڕۆ بوو ، ڕێکەوتی 16-3-1988 ، ڕۆژی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە بوو ، فڕۆکەکان پۆل پۆل بە تیژیی بەرەو هەڵەبجە ئەچوون ، ئێمە نەمانئەزانی کە ئەو فڕۆکەوانانە هەڵەبجە شەهید ئەکەن و ئەیکەنە هێرۆشیما و ناگازاکی و هەزاران لە دانیشتووانی شاری هەڵەبجە بە خاك ، ڕەز ، باخ و ئاژەڵەوە لەناو ئەبەن.
یەکێك لەناو دێیە چۆڵەکەوە بانگی لێکردین و ناسیمانەوە ، خوالێخۆش بوو هەڤاڵ نەسرەدین هەورامی بوو کە کادێری دێرینی پارتی بوو ، لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە تەنیا لەو دێ چۆڵوهۆڵە بوون کە لە ترسی بۆردومان چۆڵیان کردبوو. نیوەڕۆ لای ئەو میوان بووین ، فڕۆکە هەمەجۆرەکان ئاسمانی ناوچەکەیان تەنیبوو ، پێمان وابوو بۆ ئێران ئەچن ، ئیتر نەمانتوانی لەوە زیادتر ڕێبکەین بڕیارماندا بگەڕێینەوە ، هەر سێکمان ماڵئاواییمان لێکردن و زۆر دور نەکەوتبووینەوە لە دێیەکە ، لە دورەوە کۆپتەرێکی سەوزی تۆخ و قەبە ڕووی

تێکردین ، ئێمەش هەر ئەوەندەمان پێکرا خۆمان دا بە زەویدا ، جێگاکەمان تەختایی بوو ، داینە بەر ساروخ ، دووبارە سوڕایەوە و هاتەوە سەرمان بڕیارماندا ئەگەر نیشتەوە ، یان پەیژەی دابەزاندە خوارەوە ، هەر سێکمان بە کالاشینکۆف لێیان بدەین ، ئێمەش هەر نەجولاینەوە و بەرد ، خۆڵ و زیخێکی زۆریشی بە سەرماندا پرژاند بوو ، بەڵام خۆشبەختانە نەپێکابووین ، ئیتر کۆپتەرەکە گەڕایەوە سەر دێیەکە و لەو ماڵەی دا کە هەڤاڵ نەسرەدین هەورامی تیا بوو ، ئیتر وازیلێهێنایین و بەرەو سلێمانیی ڕۆیشت ، دیاربوو گولـە و ساروخی پێنەمابوو ، بە نەمانی کۆپتەرەکە هەڤاڵ نەسرەدین هاواری لێکردین و وتی ئەگەر کەستان ماون فریامان کەون ئەم پێشمەرگەیەم لەناو حەوشەکەدا لێدرا و برینەکەی کاریگەرە ، فریامان کەون ، لەگەڵ خۆتان بیبەن ئێوە دکتۆرتان هەیە.

پێشمەرگەی پێکاو گەنجێکی تەمەن بیست ساڵ بوو ، هەموو سەر و گیانی خەڵتانی خوێن بوو ، چووینە ژێر باڵی و بە هەر حاڵێك بوو بە دوو کاژێر گەیاندمانە شیوی قازیی ، هەر دوو دکتۆرەکەمان لە دەوری کۆبوونەوە و خەریکی بوون ، پێشمەرگە بێسەروشوێنەکانیشمان پاش سێ ڕۆژ بە ڕێکەوت گەیشتنەوە لامان لە شیوی قازیی.

ئێوارەی 21ی نەورۆزی 1988 لە سەربازگەکەی گوڵانەوە بە ڕاجیمە کە هەر هەموو گولـلەکانی کیمیایی بوون ، چل گولـلە ڕاجیمەی لە دێی سەوسێنان دا و 78 کەسی تیادا شەهید بوو ، زیادتر لە 200 کەسیش بریندار بوون ، ئەو ئاژەڵانەی بەرەو دێیەکە ئەهاتنەوە ، هەر هەموویان لە ناو کۆڵانەکانی دێیەکەدا بەرکەوتن و بە سەریەکدا کەوتن.

کۆپتەرەکان بە شەو ئەهاتنە سەر دێهاتەکان کیمیاپرژێنیان ئەکرد ، فڕۆکەوانەکان ئەیانزانی خەڵکی دێهاتەکان بە ڕۆژ دێیەکەیان بە ئاژەڵەکانیانەوە چۆڵ ئەکەن و بە شەو ئەگەڕێنەوە ناو ماڵەکانیان. بارەگای مەڵبەندمان لە پشتی دێی ئەستێڵی سەروو بوو. برینداڕێکی زۆر بە ڕۆژانە بە سواری تراکتۆر ڕووی تێئەکردین و بە دەرمانی ئەترۆپین وەك قەترە ئەکرایە چاوە خوێنتێزاوەکانیان و وەك مەڵحەمیش گیانی بلۆقاوییان چەور ئەکردن ، گەر ئەم برینداڕانە ڕوویان بکردایەتە شار لە نەخۆشخانەکاندا ئەگیران و بێسەروشوێن ئەکران.

لە نەورۆزی 1988 دا دوو کۆپتەر لە دێی (تەکێ)یان دا ، مولازم کەریم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پاسۆك زۆر بە خەستیی بریندار بوو ، ژمارەی شەهید و برینداڕەکان بە گازی خەردەل ، تابۆن و سیانید هێجگار زۆر بوون ، برینپێچیی و چارەسەرکردنی ئەمانەش گەلێك زەحمت بوو بە هۆی بێدەرمانییەوە و نەبوونی شارەزایی لە بواری چەکی کیمیاییدا ، لێرە بە دواوە لە 13 قۆڵەوە هێرشی ئەنفال بۆ سەر ناوچەی قەرەداخی ئازادکراو بە فڕۆکە ، دەبابە ، تۆپی دورهاوێژ ، جاش و هەموو جۆرە هێزە سەربازییەکانی بەعس و هاوکات لەگەڵ ناوچەکانی تردا دەستیپێکرد. ئەو خەڵکە لێقەوماوانەی کە نەیانتوانی بە ماڵ و منداڵەوە لەگەڵ

پێشمەرگەدا پاشەکشە بکەن! گیران و بێسەروشوێن کران ، جاش و سەربازەکان ، ئاژەڵ و ناوماڵیان بە تاڵان بردن. سەرەتای ئەنفال بە کیمیابارانی فڕۆکە جەنگییەکان دەستی پێکرد ، پاشان فەیلەقی یەك و پێنجی کەرکوك و هەولێر لەگەڵ حەرەسی جمهوریی ، هێزی تایبەتیی ، موغاویر ، جەیشی شەعبی و فەوجەکانی پاسەوانی نیشتمانیی (أفواج الدفاع الوطني) ، لە شوباتی 1988 وە دەستیان بە ئەنفال کرد ، لە 7ی نیسانی هەمانساڵدا بۆ چەند جارێك لە بارەگای یەکیەتی نیشتمانییان دا لە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو.

لە 20ی نیساندا لە گەرمیان دەستی پێکرد ، لەپاشان ناوچەی زێی بچوك ، ناوچەی خۆشناوەتی ، بالیسان و لەدوای هەموو ئەم جێگایانە بادینانی گرتەوە ، ئیتر تەواوی گوندە ئازادکراوەکانی گرتەوە و لە یەکماڵە لە سنوری تورکیا فڕۆکەکان بە خەستیی بە چەکی کیمیایی لە بارەگای حیزبی شیوعی و حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا و ژمارەیەك بریندار بوون.

هێزی چەکداری حیزبەکان جێگایان پێلێژکرا و بەتایبەتیی دوای ڕاگرتنی شەڕی عێراق و ئێران ڕژێمی بەعس هەموو هێز ، وزە و توانای عەسکەریی خۆی بۆ سوتاندنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان تەرخانکردبوو ، بە خاك و دانیشتووانیەوە! ئیتر پێشمەرگە پەرتەوازەی سنوری ئێران بوون و لە دۆڵە کۆگا هەموو حیزبەکان یەکیان گرتەوە و کەوتنەوەخۆ بە نەخشە و پلانێکی نوێوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی سەرسەختی گەل و نیشتمانەکەمان ، ئەو خەڵکەی کە نەیانتوانی دەرباز ببن ، بەرەو گۆڕی بەکۆمەڵیان بردن!

ئیتر بە چ پێوانەیەك چاوپۆشیی لەم فڕۆکەوانە تاوانبارانە بکرێت؟ هەروەها ئەو ئەفسەرە دەرەجەدارانە؟ ئەبێت ئەمانە چ ئەزمونێکی مێژوویی گەشیان هەبێت! تا بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان؟ گوایە سودیان لێوەربگیرێت!

ئەوەی کە من لێی دواوم مشتێکە لە خەروارێك ، بەشێکی هێجگار کەمە لە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە سەختانەمان بەدەست ئەو نامرۆڤانەوە.

گەر بەدوای تاوانی ئەم فڕۆکەوانانەدا بگەڕێیت و لە هەر پێشمەرگەیەکی دێرین ، لە هەر گوندنشینێکی ئازاردراوی زیانلێکەوتوو بپرسیت ، ئەوا دەیان هەزار داستانی دڵتەزێن و خوێناویی ئەبیستیت!

ئەبێت هەست و دڵ و دەرونی ئەو خاوەن شەهید و زیانلێکەوتووانە ڕەچاو بکرێت و پێویست بەوە ناکات ڕوو بدرێتە ئەو فڕۆکەوانە تاوانبارانە کە تا قورقوڕاگەیان غەرقە بە خوێنی ئەم گەلە ستەمدیدەیە. ئەمانە شایستەی ئەوەن وەك تاوانبارانی جەنگ بدرێن بە دادگا ، نەك لە کوردستانی ئەنفال و هەڵەبجەدا میوانداریی بکرێن!

ئەوانە داکۆکییان لە کورسی و کۆشکی سەدام کردووە ، نەك لە نیشتمان ، ئیتلاعاتی ئێرانیی بە ڕۆژانە لە بەغدا ئەو فڕۆکەوانانە لەناوئەبەن و تۆڵەی کیمیاباران و وێرانکردنی وڵاتیان لێئەکەنەوە.

2005-11-12